# پێویستە جەماوەر ریزەکانی خۆیان و خەباتیان یەك بخەن لە پێناو ریشەکێشکردنی تیرۆرو تیرۆریستان!

### سەبارەت بەتەقینەوەکەی بازاری (حەسیرەکە) لە کەرکوك

رۆژی 11-5-2004 تەقینەوەی مینیك لە بازاری ( حەسیرەکە) بووە هۆی کوژرانی 4 کەسو بریندار بوونی زیاتر لە 25 کەس. ئەم تەقینەوەیە بەشیکە لەدریژەی کیشمەکیشی تیرۆریستانەی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی کە جەماوەری شاری کەرکوکیش وەك باقی شارەکانی تری عیراق گیرۆدەی بووە.

کاری تیرۆریستیو بوردمان کردنی عەشوائیو کوشتنی مندالانو ژنانو پیرەکان وەك بەرئەنجامیکی راستەوخۆی داگیرکردنی لەلایەن ئەمریکاوە بووەتە دیاردەیەکی رۆژانەی شارەکانی عیراق. هەرلەدوای روخاندنی رژیمی بەعسەوە، نەهیزەکانی ئەمریکا نە ئیسلامی سیاسی هیچ جۆرە دەست پاریزییەکیان نەکردووە لە بۆردمان کردنی شوینی نیشتەجی بوونی هەلکی مەدەنیو یاری کردن بەچارەنوسی تیکرای دانیشتوانی شارەکان هەروەك ئەوەی ئیستا لە کوفەو کەربەلاو نەجەفدا رودەدەن، وە کردنی ئەم شارانە بەشاری ترس، کە لەدەروە هیزەکانی ئەمریکاو لەناویشەوە تاقمەکەی صدر، گەمارۆیان داوون. ئەمە بیجگە لە پیشیل کردنی ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکانو پیشیل کردنی سەرەتایی ترین مافە کانی ئینسان. لەهەلومەرجیکی واشدایە کە ئیدعاکانی ئەمریکا سەبارەت بە (عیراقی ئازاد)و (مافی مرۆڤ) بۆتە جیگای گالتەجاری جەماوەری عیراق.

لە چوارچیوەی ئەم کیشمەکێشە خویناویانەی نیوان تیرۆریستاندا وەزعیەتی ژیانی دانیشتوانی عیراق بۆتە دۆزەخیك، کەئەمەش بوەتە هۆی قوول بونەوەی برینی عیراقیەکانو کەلەکە بوونی دەردو گرفتاریەکانیان. بەلام لەکەرکوکدا سەرباری بوونی ئەم کیشمەکیشمەی نیوان تیرۆریستان، کیشمەکیشیکی قەومیش بوونی هەیە کە هەندی جار دەتەقیتەوەو هەندی جاریش بە شیوازی جواراو جۆر دەردەکەویت، بەهۆی ئەو سیاسەتو کاروکردەوەی لایەنە قەومی تائفیەکانەوە، کەبۆتە مایەی تەقینەوەی کیشمەکیشمە قەومیەکان لەماوەی یەك سالی رابردودا، ئەم کیشمە کیشمە خۆی دەردەخات لە و ریزە تیرورکردنەی کەسانی سیاسی ئەم دوایانە کەچەندین کەسایەتیو بەریوبەری شوینە جۆراوجۆرەکان روبەروی بونەتەوە. کە تیرۆر کردنی هیوا نەجیب بەریوبەری فەرمانگەی کشتوکالی کەرکوك ئاخرین قوربانیانی ئەم زنجیرەیە بوو.

ئیمە لە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق، بەتوندی ئیدانەی ئەم تەقینەوەیەی بازاری (حەسیرەکە)و هەموو کارو کردەوەیەکی تیرۆریستی دەکەین، وە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بۆ خیزانو کەسوکاری قوربانیانی ئەم تەقینەوەیە رادەگەیەنین. وە دوا لە جەماوەری شاری کەرکوك دەکەین تا دەورو نەخشی کاریگەری خۆیان بگیڕن بۆ روبەروبونەوە لەگەل تیرۆرو تیرۆریستان، لەریگای یەکخستنی ریزەکانیانو هەولی خەباتکارانەیان بۆ دابین کردنی ئاسایشو خەباتی بەردەوامیان بەهەر شیوازێکی شیاو بۆ کردنە دەرەوەی تەواوی میلیشیا چەکدارەکانو هیزەکانی ئەمریکا بۆ دەروەی شارو، بەدەستهینانی مافی خۆیان بۆ ئازادیو خۆش گوزەرانیو ئاسایش لە داگیرکەرانو وئیسلامی سیاسی وە هەموو ئەو لایەنانەی کە دەبنە ریگر لە بەردەم ئاواتەکانیانو ریگا چارەکانیان لەدامەزراندنی حکومەتیکی عیلمانی غەیرە قەومیدا. ئێمە بانگەوازیان دەکەین بۆ توندوتولکردنەوەی ریزەکانیانو یەکگرتو بوونیان لەدەوری حزبی خۆیان حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق لە پیناو دوورخستنەوەی خەلکی عیراق لە کیشمە کیشی تیرۆریستیو قەومی.

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق- لیژنەی کەرکوك**

2004-5-11